

# سەرلانکە

سەلام عومەر

کە لەنێو لانکێدا بووم، بە دەسرازەیەکی توند دەیانبەستمەوە و لە جووڵەیان دەخستم، ئەو جووڵانەی دەبێت هەموو کەس هەیبێ و ئازادیت تێدا دەدی، جووڵەیەک دەتتوانی وەک ئەوانی دی لاق و دەستی خۆت ببینی، وەلێ دەسرازەکە هێندە مەلعوون بوو بەخۆوەی شەتەک دەدام و ڕووی پێ لە عاسمانێ دەکردم، خۆ سەرلانکەکەش ئەوە دنیای لێ دەشاردمەوە، بێجگە لە دارێک و یەک دوو گوڵینگە هیچم نەدەدی، بەم ساواییەم هەستم بەجیاوازی خۆم و ئەوانی دی دەکرد، ئاخر تەواوی خێزانەکەمان بەلاقی خۆیان دەڕۆیشتن و بە دەستەکانیان نانیان دەخوارد و کوێیان حەز لێبا دەچوون، کەچی من لەنێو لانکەیەکدا دیل کرابووم، بەستبوویانمەوە، بێجگە لە شیری دایە هیچی دییان نەدەدامێ.

هەر لە درزی سەرلانکەکەوە دەمدی هەموو خێزانەکەم پێدەکەنن و منیش تا نەگریابام نەدەهاتنە سەرم، گەمەی زۆریان لەگەڵ دەکردم و شینە ماچی وایان لێ دەکردم تەواوی کوڵمەم دەکەوتە نێو دەمیانەوە، ڕیشی باب و مام و بابەگەورە هێندە زبر بوون، ناچار دەگریام و ئەوانیش وازیان لێ دێنام، وەلێ دایکم چونکە دەیزانی ناسکم و بە چ عەزابێکیش منی بووە، زۆر بە نەرمونیانی لەگەڵم دەجووڵایەوە، تەنانەت ماچیشی نەدەکردم، تەنیا بۆنی دەکردم، ئەوەی کە زۆر زۆری عەزیەت دەدام هەر دایکم بوو، کاتێک بە دەسرازەکە دەیبەستمەوە و لە جووڵەی دەخستم، وەلێ بەشیرە نایابەکەی هەموو شتێکم لەبیر دەچووەوە و دەچوومە خەوێکی قووڵەوە، وەک ئەو خەوەی

دوای گەورە بوونم بەجۆرە شیرێکی دی خەوتم و ئاودیوی سنووریان کردم.

خۆ بۆڕپییەکیان بەنێو گەڵمدا ڕەوانە کردبوو دەتگوت ستوونە، زۆری ئازار دەدام و هیچ دەسەڵاتیشم نەبوو، بۆیە ئەو سەردەمەی ساواییم زۆر قورس بوو، هەم شوێنم تەسک و هەم هیچ شتێک لە دەسەڵاتی خۆم نەبوو، خۆ کە لەکۆڵ لانکەش بوومەوە و هاویشتیانمە سەر دۆشەکان باشتر بووم، بە کەیفی خۆم لاق و دەستم دەجووڵاندن، ئەمما لەنێوان دایە و بابە دەنووستم، ئەوانیش زۆرجاران جیقوفلیقیان دەردەهێنام، تا واقەواقم نەکردبا لێم نەدەکشانەوە، دواتر دایە قومێک شیری دەدامێ و ژێر دەبوومەوە، بەو منداڵییەی خۆم هەستم بە زوڵم دەکرد و هەر بەگریان داوای ئازادیم دەکرد، داوای جێگەی تەنیا و ئازادیی قسەکردن و سەربەخۆیی خۆم دەکرد.

***

ڕۆژان ڕۆیشتن و پارچەڵە بووم، شیر خواردنم بیرچووەوە و هیوایەتم سواربوونی پشتی پیکاب بوو، دەمگوت لەوێ ئازادی هەیە و بام وێدەکەوێ و چواردەوری خۆم بە جوانی دەبینم، دەتوانم شوێنی خۆم بگۆڕم و ئاوڕ لە دواوە بدەمەوە و بە هەموو منداڵان بڵێم ئەها سواری ئۆتۆمبێل بووم، هەروابێتەوە شوێنەکەی فراوانە و دەتوانم لاقانیش ڕاکێشم، ئاخر بە منداڵی هەرکات دایکم سواری پیکابەکە بووبا، ئەو پیکابەی بابم بۆ کاروبارەکانی خۆی کڕیبووی، منی لەسەر کۆشی دادەنا، دەچووە کێڵگەی مەڕەکان و چەند سەتڵێک شیری لە پشتی پیکابەکە سوار دەکرد و لە ماڵێ هەندێکی دەکردە ماست و هەندێکی دەکوڵاند و بەنانی گەرم دەمانخوارد، ئەمما تامی شیری دایەی نەدەدا، خۆ کە تۆزێک گەورەتریش بووم دەیانخستمە بەینی خۆیانەوە و هەردوو لاقم سڕ دەبوون و شوێنەکە هێندە تەسک بوو وەک بەندیخانە دەهاتە بەرچاو، جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو ڕۆژانە نەبوو کە لە لانکێدابووم.

هێندە حەزم لە پشتی پیکاب بوو، ئیرەییم بە ئاژەڵەکانیش دەهات کە بۆ قوربانی، یان گواستنەوە لەوێیان دەبەستنەوە، پێم وابوو ئەوێ شوێنێکی ئازادترە لە پێشەوەی پیکاب کە هەمیشە بۆ من وەک بەندیخانە وابوو.

ئەو حەزەم هێندە لا شیرین بوو ناچار بووم ڕۆژێک لە گەڕەکی خۆمان بەدوای پیکابێک بکەوم تا سواری پشتەوەی بم، بە غاردان بە دووی دەکەوتم و شوفێرەکەش لە ئاوێنەکەوە چاوی لە من بوو، نەیدەتوانی هێواشی کاتەوە، یان ئیستۆپ بگرێ نەبا خۆی پێدا بدەم و شتێکم بەسەر بێ، منیش تینم دایە خۆم و دەستێکم گەیاندە پاشکۆی پیکابەکە، شوفێرەکەش تا شتێکم بەسەر نەیە پێی لێنا لەو کاتەدا دەستم لە پشتی پیکابەکە بەر بوو، زۆر بە خراپی بەربوومەوە، دەست و ئەژنۆکانم ڕووشان و پیکابی تاین ڕایگرت و بە شوفێر و جیرانەکەمان کە چاوی لە کەوتنی من بوو هەڵیانگرتمەوە و چاوەڕێی ئەوە بووم بمخەنە پشتی پیکابەکە و بمبەنەوە ماڵێ، کەچی لە پێشەوەیان سوار کردم و بردیانمە نەخۆشخانە، دوای تیمارکردنی برینەکانم بابم و کەسەکانم پەیدا بوون و جارێکی دی منیان سواری پێشەوەی پیکابەکەی بابم کردەوە و هێنایانمەوە ماڵێ، ئەو جارەش ئەو خەونەی، یان ئەو حەزەی هەمبوو، نەک نەهاتە دی، بەڵکوو دیسانەوە لە ماڵێیان عاسێ کردمەوە و نەیاندەهێشت بچمەوە کۆڵانێ.

***

هەتا گەیشتمە تەمەنی هەرزەییش پیکابەکەمان مابوو، کەچی ئەو خەونەم نەهاتە دی و هەرگیز نەیانهێشت سواری پشتەوەی پیکاب بم، بەو بیانووەی هاوسەنگی لەدەست دەدەم و نەوەک بپەڕم، یان بکەومە خوارەوە و شتێکم بەسەر بێ.

ساڵ هات و چوون و سمێڵم گوگرە بوو، تێکەڵی خەڵکی سیاسی و نیشتمانپەروەر بووم و زۆر جاران سواری جێب و کۆستەرانیش بووم، کەچی پشتی پیکابم هەر نەدی، هەتا جارێک لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانم هەر بەپیاسە چووینە دەرەوەی شار و لەسەر چۆمی و لەبن سێبەری دارێک خەریکی قسە کردن بووین لەسەر سیاسەت و ئەو شتانەی زۆر کەممان لێ دەزانی و کەوتبووینە ناوی، لێتان ناشارمەوە یەک لە برادەرەکان جۆرە خواردنەوەیەکی هێنابوو ئاوت تێکردبا وەک شیری لێ دەهات، ئەمەش خەریکی خواردنەوەی ئەو شتە بووین، بۆن ڕازیانە ئەو ناوەی داگرتبوو، ڕاستی خەیاڵێکی زۆر خۆشی هەبوو، هەرکە قومم لێ دەدا، شیرە نایابەکەی دایەم بیر دەهاتەوە، ئێمە لەو کەشە خۆشەدا بووین، کەچی هەموومان لێ تێکچوو، لەپڕ شلەخەجێیەکی پڕ لە چەکدار پەیدابوون و هەر چواردەوریان گرتین، تفەنگیان ڕاکێشا و پێش ئەوەی تەقە بکەن ئەمە دەستمان بەرز کردەوە و ئەوانیش ئەفسەرێکی شەللاتییان لەگەڵ بوو، لێمان هاتە پێش و فەرمانی پشکنینی جەستەمانی بە پاسەوانەکانی گەیاند، چی کاغەزی نێو باغەڵ و شتومەکی پێمان بوو لێیان ستاندین، ئەفسەرەکە تەماشایەکی خوانەکەی کرد و شووشە عارەقەکەی هەڵگرت لە بەرکی خۆی نا، ئیدی بەبێ دەست و چاو بەستنەوە سواری پشتی شلەخەجێیەکەیان کردین، لەوێ لەنێو ئەو شلەخەجێیە، لە لایەک شەرمم دەکرد و لەلایەک دەترسام، لەلاکەی تریشەوە هاتنە دی خەونەکەم بوو، ئەمما ئازادیم نەدی و نەشمدەوێرا تەماشای چواردەورم بکەم، تەنیا بام وێدەکەوت، کە گەیشتینە نێو شار سەرمان نەوی کرد و هەستمان بە شەرمەزاری دەکرد، چونکە گومانمان هەبوو هەندێک بە سیخوڕمان تێبگەن و هەندێکی دیش بە ترسنۆک، ئەمەیان بردە نێو فەرمانگەیەکی سەربازی، لە ژوورێکیان هاویشتین، دوای کاتژمێرێک لێپێچینەوە دەستی پێکرد و یەک یەک بانگیان کردین، تەواوی کاغەزەکانی نێو بەرکیان خوێندبووەوە و بێجگە لە پەخشانی دڵداری و وەرەقەی تاقیکردنەوەی مانگانەی قوتابخانە هیچی دیکەیان بەرچاو نەکەوتبوو، دوای ئەوەش هەرسێکمان هەمان قسەمان کردبوو کە تەنیا بۆ خواردنەوە و خۆشی چووینەتە سەر چۆمی، بۆیە کاغەز و شتەکانی نێو بەرکیان داینەوە، تەنیا ئەو چەقۆیە نەبێت کە لە باغەڵی هاوڕێیەکمدا بوو، ئەویشیان جیاکردبووەوە و گوتیان قوتابی نابێت چەقۆ هەڵگرێ.

ئێمەیان ئازاد کرد، بەڵام نەیانبردینەوە شوێنی خۆمان، هەر لە دەرکەیان وەدەرنایین و گوتیان بچنەوە ماڵێ، کە هاتینە دەرێ چی کەسوکارمانە لەوێ بوون، هەبوو گوتبووی لەسەر دزی گیراون، هەشبوو گوتبوویان نا خوێڕیەتییان کردووە، هەشبوون بە سیاسی لە قەڵەمیان دابووین و دواتر بۆمان ڕوونکردنەوە کە تەنیا لەسەر گومان گیراوین، ئیدی هاتینەوە ماڵ و بۆ یەکەم جار پشتی جۆرە پیکابێکم دی، ئەمما بە دەستبەسەری و بێجگە لە با کە پرچی ئاڵۆز کردم، هیوایەتەکەم بەدی نەهات.

***

ڕۆژەکان بەخێرایی گوللە تێدەپەڕین و هەفتە و مانگەکانی ئاودیو دەکرد، ئەو ڕۆژگارە هێندە ناخۆش بوو، لاو لەخۆی بێزار دەبوو، دوای تەواوکردنی خوێندن دەبوو بچێتە سەربازی و ئاییندەمان دەکەوتە نادیارەوە، ئێمەیش سێ چوار هاوڕێ بووین، بڕیارمان دا نەچینە سەربازی و تا ماوەیەک هەر لەشار بین و خۆ بشارینەوە، هەندێک لە ڕۆژەکانیش بۆ مەست بوون دەچووینە نێو باخچەکانی ڕۆخ شاری و تا تاریکبوون نەدەگەڕاینەوە، هەر کاتێکیش کە یەکەم پێکم تێ دەکرد شیری دایەم بەبیردەهاتەوە، دواتر هەڵمدەدا، باسی پشتی پیکابم دەکرد و لەلای هاوڕێکانم بووبووە شتێکی ئاسایی، هەمووان تێگەیشتبوون کە سواربوونی پشتی پیکاب بۆ من خەونێکی لەمێژینەیە، وەلێ ڕێکناکەوێ و ناکەوێ.

یەک لە ئێوارەکان کە بڕیار بوو بچینە نێو باخچەکان و بخۆینەوە، تەواوی پێداویستییەکانمان لەنێو هەگبەکانمان بوو، هێشتا نەگەیشتبووینە شوێنی دیاریکراو دنیا تاریک دانەهاتبوو، کەچی چەکدارانی چیا خۆیان بەشاردا کرد و ئێمەیان لە پشتەوەی خۆیان بەجێهێشت و لەنێو شار و سەربازگە و مۆڵگەکانی دوژمن بووە ئاگر باران، کە پێشتر تەنیا دەنگی گوللەکان بوو ئەو جارەیان برووسکەی تۆپ و هاوەن و چەکی قورسیش شاری دەلەرزاندەوە، بە کونفەیەکونێک هەواڵی ئازادبوونی ئەو شارۆچکەیە هەموو دنیای تەنییەوە، هێشتا تەواو مەست نەبووبووین کە هاتینەوە نێو شار و دیتمان کەسەکانمان خۆیان کۆدەکەنەوە، ئەوەی پێویست بوو باریان دەکرد و دەنگۆی بۆردومانی سەخت و ڕژاندنی کیمیایی بەسەر شارۆچکەکەدا ترسێکی گەورەی خستبووە نێو دانیشتووانی شارەوە.

کە گەیشتمەوە بەردەمی ماڵەوەمان پشتی پیکابەکە پڕ بوو لە پێداویستی هەڵاتن و بابم بە تووڕەییەوە گوتی دیسان لە قوزەڵقورت خواردنەوە بوویت؟ یەک کاتژمێرە لەسەرت ڕاوەستاوین دەی سواری پشتی پیکابەکە بە تا بەڕێکەوین، منیش زۆر زۆر بەو بارودۆخە دڵتەنگ بووم، لە هەمان کاتیشدا دنیایەک بەختەوەر بووم کە بابم بەدەمی خۆی گوتی سواری پشتی پیکابەکە بەو دەست بە شیشەکانەوە بگرە، ئاگادار بە نەکەوی.

پێشەوە دایکم و خوشکم و یەک دوو منداڵی دی تێدا بوون، بەبێ دوودڵی سواری پشتەوەی پیکابەکە بووم و هەگبەکەشم کە هێشتا بەشی ڕۆژێکی دی عارەقی تێدا بوو، لەگەڵ خۆم برد، سەرەتا زۆر زۆر بە کەیف بووم، پیکاب ڕۆیشت و منیش لەنێو کەلوپەلەکانی پشتەوەی پیکاب بە مەستی جێیەکی باشم بۆ خۆم کردبووەوە، بام وێدەکەوت و تەواو ئازاد بووم، هەڵبەز و دابەزی پیکابەکەیشم پێ خۆش بوو، بەڵام کە هەڵاتنی شارێکم دەدی، مەستیم خاو دەبووەوە و حەزەکانم کاڵ، ڕێک لەو کاتەی کە زۆر برسیم بوو، ڕانم بە پرێسکەیەکی گەرم کەوت، کە کردمەوە یەک مەنجەڵ قاورمە بوو، تومەز ماڵێ فریای خواردنی نەکەتبوون، بۆیە نەمکردە دوودڵی دەستم بەخواردنی کرد، ئەتۆ وەرە بیهێنە بەرچاوی خۆت لە پشتی پیکاب کە هیوایەتەکەت دێتە دی، دواتر خوانی چەور و خواردنەوە، دەبێت چ لەزەتێکی تێدابێ؟

هێشتا سەرم دەسووڕا کە لە شار دەرچووین، لەڕێیە تووشی یەک لە برادەرەکانی خۆم بووین کە تازە لە باخچەکە یەکتریمان جێهێشتبوو، بابم ناسییەوە و ئەویشی هەڵدایە پشتی پیکابەکە،

سەرکەوت و گوتی: ماڵێ جێیان هێشتووم، باشە لێرە یەکتریمان گرتەوە، ئەویش هەگبەکەی خۆی پێ بوو، فەرمووم لێ کرد و دەستی بە قاورمە خواردن کرد، کاتێک لە شار دەرچووین دیتمان نەتەوەیەک ڕوویان لە چیا کردووە، ئەوەی ئۆتۆمبێلیشی نییە بە هەگبەیەکەوە و بە پێیان شار بەجێ دێڵێ.

من و هاوڕێیەکەشم بە مەستی فرمێسکمان دەڕشت، من هەستابوومە سەرپێ و لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەو ئاواتەی هەمبوو لە نێو جەنگ و بارینی کیمیادا بەریەک کەوتن، شار ئازاد بوو، وەک چۆن من ئازادیم لە پشتی پیکابدا دی، ئێستا ئازادی شار و ئازادی نێو لانک و ئازادی خۆم جێ دەهێڵین و شار بە خنکان دەسپێرین، شار دەدەینە دەست دووکەڵێکی سپی و خەریکی دوایین هەناسەکانیەتی، باخچەکان دەترسن و ئاوی کانییەکان بەترسەوە دێنە دەرێ، لە پشتەوەی پیکابێکدا بەپێوە وەستاوم و با لە پرچی دەدام و مەستییەکەی کاڵ دەکردمەوە، بابیشم بە جۆرێک دەیهاژۆشت وەک ئەوەی سەدان فڕۆکە بەدوایەوە بن، ئێمەش لە دواوە چی لە هەگبەکەماندا بوو لەنێو ئەو تاسە و ترس و تۆقینەدا پێک لە دوای پێک بەتاڵمان دەکردەوە، هەندێک جاریش بە لاملماندا دەڕژا، ئەو پێکانەی هەروەک شیری دایە بوون، وەک شیری ئەو مەڕانەی جێمان هێشتن و بە کەڵبەی گورگمان سپارد، دەڕۆیشتین و شاری ئازادکراومان بۆ سەگ و پشیلە بەرەڵڵاکان جێهێشت، هێندەی چاومان لە ئاسمان بوو هێندە تەماشای شارمان نەدەکرد، ئاخر هەموو فڕۆکەکان هەموو بەڵایەکان بەوێدا دەهاتن و ئێمەیان دەکردە نیشانە.

پێشتر نەماندەتوانی تەنیا یەک کاتژمێر بچینە بازاڕ و لە پیاوانی دوژمن دەترساین، کەچی ئێستا شار ئازادە و جێی دەهێڵین، بە جۆرێک مەست بووبووین وام هەست دەکرد کۆلارەین و بە ئاسمانەوەین، دەفڕین و ئەو ئازادییەی تەمەنێکە داوای دەکەین بە ڕاکردن دێتە دی، شارۆچکەکەمان تا دەهات بچووکتر و ترسناکتر دەبووەوە، یادگارییەکانمان جێ دەهێڵین و منداڵیمان بە قەدەر دەسپێرین، هەرچەندی پێکمان هەڵدەدا، هێندە بۆنی ڕازیانەمان لە دوای خۆمان جێ دەهێشت، بۆنێک پێم وانییە بۆنی کیمیاییش ئەوی پێ بشارڕێتەوە، هێندە مەست بووین لەنێو پشتی پیکابێک کە خەونی دەیان ساڵەم بوو هاتەدی، وەلێ خەونە گەورەکەم بزر کرد، ئازادیمان لێ بەردەبووەوە و ئاوارەییمان هەڵبژارد.

تا ئەو شوێنە ئاگام لەخۆم بوو کە لە مەستیان لار بوومەوە و برادەرەکەم توند منی گرتەوەو لەنێو پیکابەکەدا، هەر بەسەر نوێن و شتومەکدا درێژی کردم، دواتر کە چاوم کردەوە، سەرلانکەیەکی بۆریان بەسەردادابووم و وەک تەمەنی منداڵی دەتگوت لەنێو لانکەدام، کە باشتر بەهۆش خۆم هاتمەوە بۆنی شیری دایکم بۆ هات، هاتە لام و ماچی کردم، گوتی کوڕم زۆرت خواردبووەوە، شەو و ڕۆژێکە لە پشتی پیکابەکەدا نووستووی، ئێستا ئەوە لە ئۆردووگایەک ئاوارەین و لەسەر ئەو هەموو ماڵوحاڵەی خۆمان، یەک چادریان داوینێ، چادرێک وەک سەرلانکەکەی ساواییت.